# قەندیل بەجێ ناهێڵین
# یەك خوێن و یەك سەنگەرین



## نیگار نادر

لەناوەراستی دیسەمبەرەوە لەودەمەی تورکیا هێرشەکانی بۆسەرکوردوستان دەست پێکردو دڕاندانە گوندەکانی بناری قەندیلی بۆردوومان کرد،ژانێکی قورس لە رووحم گەراوەو لە رووحدا دەکولێم ورۆژنیە هەستت نەکەم ناخم بۆمباران دەکرێ و بریندارکراوم نامەوێ بەهێچ شێوەیەک سەربۆ بینینی هیچ هەلیکۆپتەرێک هەڵێنم وسەرنجی بدەمێ لەودەمەیدا دڵنیام بەهەمان هەلیکۆپتەرخاکی من بۆمباباران دەکرێ ، هەربەبینین و دەنگی هەر هەلیکۆپتەرێک قالبم تێکدەچێ و دڵگراندەبم..

دووسێ جاری دەدی هەوڵم داوە لەسەر ئەو هێرشە بنوسم لێ چونکە بێئومێدم لە بەهای نووسین وبەهای رۆشەنبیری لە ژیانی رۆشەنبیری کوردیدا دەستم قەڵەمی نەدەگرت ولێ هەمووددەمێ پەشۆکاویەکی رووحی بەرامبەر بێدەسەڵاتی نەتەوەی خۆ وەکو چەقۆ دڵم هەڵدەکۆڵێ..

لێ ئەورۆ ئەگەر وێنەی سەربرینی ئەو گەریلایە نەمرەو وێنەی سەربازەکانی توورکم لەناوچەی شێلادزی دیتن بەدڵ دەستم بەونوسینە کرد...

بەبینینی ناوی قەندیل لەسەر پەرەی هەر رۆژنامەو لەناواخنی هەر راپۆرتە هەواڵێک دا هەست دەکەم تا ئێستا ووشەیەک ماوە مانای شۆڕشی نەتەوەیەکی بێکەسی لەخۆ هەڵگرتوە،لەچەند جیگایان کە پرسیار لە ناسنامەم دەکەن دەڵێم کوردم و خەڵکی کوردوستانم یەک راست دەڵێن بەپەرۆشین بۆ ئۆجەلان..

ئایا قەندیلت بینیوە؟ دەبێ چیایەکی زۆر سەخت بێت؟من زۆر بە وچیایە سەرسامم ئایە بۆ ئێوەی کوردانیش وەهایە؟

هەموومان دڵنیاین و باش دەزانین دووساڵ دەبێ چیای قەندیل تاکە ناوەو ناونیشانە کورد دەهینێتەوە بەر چاوان و بەرباسان و جێی نیگەرانی دوژمنانیەتی..هەروەها هەولێریش تاکە شارە دوژمنانی پێ نابیناو شێت دەبن. ئەز گەلەك وورد دەنۆرمە میدیایی ئەوروپی و ئیرە،لەهەموو مانشێت و هەوالەکانیان دالەباشوری عێراق وشەرکەرانی پەکەکە پتر هیچ وەسف و ناوێکی بەکارناهێین بۆ کوردوستان و نەتەوەی کورد ودەزانن چۆن بە دیبلۆماسی ڕاستیەکان ڕووپۆش دەکەن،جارجار نەبێ بەمەرام و ئامانجیو بەرژەوەندی نەتەوی خۆیان ئامازەیەکی کاڵ دەکەن!

بەهەر حاڵ ئەو ڕووداوە و جێێ چاوەروانیەیە بۆ نەتەوەی کورد،چونکە چۆن بوون و هاتنە ئارای دەوڵەتێکی کوردی خەونێکی شاعیرانەیە ودەبێتە بابەتی گاڵتەجاڕیە لە سەردەم لەسەرزمانی سەرکردەیەکی کوردو شۆڕشێکی ئەوها هەڵکەوتەو شۆرشگێرانێکی ئەوها پڕ بەرخۆدان بەتیرۆرست ناوزەد دەکرێن، بۆیە دەبێ نەتەوەی کورد چاوەروانی گورزی گەورەتریش بکا لێرەوبەدوا.

پیمان ناخۆش بێ یا نالە زۆر سەرچاوە مێژووی ونوێەکانیشدا کوردبە نەتەوەیەکی بێگانە پەرست وخۆبەکەمزان ناسێنراوەو هەمیشەش بەپلانی هەر کەسی و دەوڵەتیک بووبێ دەسبەرداری خاکی خۆی بووەوخەنجەری لە پشتی برایەکانی خۆی داوە، هەتا ئەگەرلەبۆبەرژەوەندی تاکەسەرکردەیەکیش بوبێ بەرژەوەندی نەتەوەیەک هەراج کراوە...
هەموومان باش بەش لەوەدڵنیاین کە ئەوەی ئەورۆ تورک دەیکا بەبەر چاوی هەموو دونیایە چ جۆرە کارەساتێکە هەر کەس نا وهیچ دەوڵەتێکش نا لێ نەتەوەیەکگرتوەکان ئەگەر مابێ؟ باش دەزانێ پێخستنە نا خاکی دەوڵەتێکی دی چ ێشێلکاریەکی نێودەوڵەتیەو!چ سزایەکەشی بۆ تەرخان کراوە!

ئەگەر گەلەک ووردتر لەو رووداوانە چر بینەوە بۆمان وەدەردەکەوێ کە کەرکوک و مادەی140 هێرشکردنە سەر قەندیل چ پلانێکن وکێ دارێژەرەکەیانە

چۆن بەداوایەکتریداڕوودەدەن! بۆ کۆندلیزارایس بەتایبەت دەگاتە کەرکوکێ تا مادەی 140دوابخرێ؟ لێ لەسەرئەوهێرشە دڕندانە خۆیان بێدەنگ کردوە؟

لەبۆیە زۆر دڵنیام ئەگەر نەتەوی کورد وەخۆنەکەوێ و چەند رێگایەکی تر هەڵنەبژێرێ وستراتیجیەک بۆ هەنگاوەکانی دیاری نەکات بە پلان بەرەی شۆرشی نوێ دانەرێژێ بەرەو هەڵدیر هەنگاو دەنێ!

پێشموایە هێرشەکانی سەرچیای قەندیل وداوخستنی مادەی140 ئەنفالێکی نوێن بۆ قڕکردنی نەتەوەی کوردلێ بەمیکانیزمی نوێ وبەدیبلۆماسیەتێکی نوێ ودەبێ ئەوانە لە دیرۆکی خۆو لە مێدیای خۆماندا بە ئەنفاکرنەوەی قەندیل و ئەنفالکردنەوەی کەرکەک ناوزەدبکەین.

لەبۆیە لەسەر هەموو کوردان ئەرکە سەنگەری خۆ بگوێزنەوە کەرکوک و قەندیل لەو قۆناغەی داو لەسەر رۆشەنبیرو نوسەرانی ڤێ نەتەوەی ئەرکە سەنگەری خۆیان رابگەێین و بەرەیەک دابمەزرێنن تا چالاکی وا خەباتی فەرهەنگی تیدابوەشێنن،ئەمن لەبەرخۆوە وەکو نوسەرێک دەست درێژدەکەم بۆ هەر نووسەرو رۆشەنبیرێک کەسەنگەردەگری بەرامبەرداگیرکەرانی کوردو دەیەوێ یێک لە بزاوتی جەقبەستوی رۆشەنبیریدابهاوێژێ و ببێژی

**قەندیل بەجێ ناهێلێن یەک خوێن و یەک سەنگەرین...**